# تویژەرەکان لەنێوان
# پەروەردەو خوێندنی باڵادا

**فایەق سەعید**

پاش ئەوەی بەر لەدوو هەفتە لەم گۆشەیەدا رەخنەم ئاراستەی کاری تویژەرە کۆمەلایەتیەکان کردبوو کەبەپێی پێویست نیە، چەند نامەیەکم لەلایەن هەندێ تویژەرو کەسانی هاوپەیوەند بەم بوارەوە بەدەست گەیشتە کەتیایاندا باس لەو هۆکارانە کرابوو کەبوونەتە هۆی بار قورسی کارەکەی تویژەران و بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی خەلک رەخنەیان ئاراستە بکات چونکە ئەوان ناتوانن کارێکی باش پێشکەش بکەن. لەو گۆشەیەدا من وەلامی ئەو پرسیارەم دابۆوە ئایا تویژەرەکان لەکارەکانیاندا سەرکەوتووبوون؟ بەڵام لەم هەفتەیەدا وەلامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە تویژەرەکان بۆ سەرکەوتوو نەبوون؟ لەراستیدا خالەکانی ئەوان جێگەی سەرنجن و من بەتەواوی پشتیوانیان لێدەکەم. لەم هەفتەیەشدا هەوڵ دەدەم ئەو خالانەی ئەوان باسیان کردبوو لەنێوان بێتوانایی وەزارەتی خوێندنی باڵاو خەمساردی وەزارەتی پەروەردەدا پۆلین بکەن.

وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکە لەهۆکارە هەرە گەورەکانی دواکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو رێگرێکی باشە لەبەردەم گەشەسەندنی هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندی بەم کەرتەوە هەیە. تاوەکو ئێستاش مەنهەجی ناعەمەلی و سواو بەخوێندکارەکانی بەشی کۆمەلناسی دەلێتەوە کەدوای تەواوکردنی زانکۆ ناتوانن سودی لێببین. لەلایەکی دیکەوە گۆشکردنی خوێندکار بەزانستێک بەرێوە دەچێت کەهیچ جۆرە دینامیکیەتێکی تێدا نیە و دوای زانکۆ خوێندکاران ناتوانن مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەن چونکە مەودای نێوان ئەو زانستانەی خوێندنی بالا هەیەتی لەگەڵ پێشهاتەکاندا جیاوازی زۆرە. من پێشم وایە وەزارەتی خوێندنی بالا دەیتوانی بەدیداکتیکێکی سەرکەوتوو هاوچەرخ بەشێک لەبەستەلەکی مەنهەجەکان قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام وەزارەت توانای ئەوەشی نەبووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکارو مامۆستاکانی ئێمە زۆر تەمبەلن و هەوڵی خۆ پێگەیاندن نادەن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە ناتوانین گلەیی لەخوێندکاران بکەین چونکە ئەوە سیستمی خوێندنە کەخوێندکاران پەسیڤ دەکات نەک خوێندکار وەک تاک. راستە تویژەرەکان شارەزای بەشێک لەکۆمەلناسی و تارادەیەک کۆمەلناسی کلاسیک بوونە بەڵام بۆ کاری تویژەری رانەهێنراون. هەمووشمان دەزانین شارەزابوون لەنەخۆشیە دەروونیەکان، تیۆرییە تازەکانی گرفت و پەیوەندی، شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکان، شێوازی مامەلەکردنی منداڵان ... هتد بەشێکن لەو بوارانەی خوێندکارانی بەشی کۆمەلناسی شارەزاییان تێدا نیە. ئەوان لەژیانی رۆژانەی ناو قوتابخانەکاندا پێویستیان بەزمانی جەستە، راز پاراستن، رنگدانەوە، دیالۆگی دووسەرە هەیە، مێتودی گفتوگۆ هەیە هەروەها لەهەموشیان گرینگتر پێویستیەکی حەیاتیان بەوە هەیە کەلەبەرامبەر خوێندکاراندا گوێگرێکی زۆر باشبن. لەم بوارانەشدا وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاش هیچ جۆرە راهێنانێکی بۆیان نەکردووە ئیدی ئەوان چۆن بتوانن لەکارەکانیاندا سەرکەوتووبن؟

لەراستیشدا بەرنامەی کۆمەلناسی و کاری تویژەری دوو پرۆگرامی تارادەیەک جیاوازن. بەشێوەیەکی دی تێکەلەیەک لەکۆمەلناسی، دەروونناسی و ئێتیکی گرفت و پەیوەندییەکان ناوەرۆکی خوێندنێکی تازەیە کەخوێندکاران بۆ کاری تویژەری ئامادە دەکات. لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو خوێندنە ئەکادیمیەمان نیەو بۆشی ناچم بەم زووانە دروست ببێت، بۆیە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالایە کەخوێندنێکی کورت بۆ تویژەرەکان ئامادە بکەن و لەسەر مێتودە هاوچەرخەکان ئامادەیان بکەن. من پێم وایە لەم روانگەیەوە هیچ لایەنێکی بەرپرس یارمەتی تویژەرەکانی نەداوەو کەچۆن کار بکەن و کام مێتودی هاوچەرخ بۆ گرفتی خوێندکاران هەلبژێرن .

یەکێک لەپێداویستیە سەرەتاییەکانی توێژەر بۆ پیادەکردنی مێتودی وتووێژ لەگەڵ خاوەن گرفتەکاندا بوونی ژوورێکی هێمنە کەئەوان نیانە. باسکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان پێویستی بەکەشوهەوایەکی هێمن و ئارام هەیە. زوربەی خاوەن گرفتەکانە و بەتایبەت منداڵەکان ناتوانن لەو کەشە پەروەردەییە پر لەهەراوهوریایەدا گوزارش لەگرفتەکانیان بدەن. لایەنێکی دیکە ئەوەیە خودی بەرێوبەرەکان کەبەرزترین دەسەلاتیان لەقوتابخانەکاندا هەیە شارەزای کاری توێژەرەکان نین و نازانن رێرەوی کاری ئەوان چۆنەو چەند گرینگە. وەزارەتی پەروەردە شکستی لەوەدا هێناوە کاری بەرێوبەرەکان کەهەموویان سەر بەیەکێتی و پارتین پێش بخات. من پێم وایە بەشی زۆری بەرێوبەرەکان ئەمرۆ بوونەتە بارقورسایی بەسەر کەرتی پەروەردەوەو لەمەسەلەی پێگەیاندنی منداڵەکاندا زیانیان زۆرە. بەمەش دەمەوێت بەرێوبەرەکان بکەمە بەشێک لەم گرفتە .

کاک جەزا حمە سالح سەرۆکی کۆمەلەی کۆمەلناسان و دەروننناسان لەنامەیەکدا ئەوەی درکاندووە کەبەدەر لەو خولانەی ئەم کۆمەلەیە کردویەتیەوە ماوەی چوار سالە هیچ جۆرە خولێک بۆ توێژەرەکان نەکراوەتەوەو کەسیش بۆ دەرەوەی ولات نەنێردراوە. ئەمە ئەگەر وابێت بەرجەستە کردنی شکست و سستیەکی گەورەی وەزارەتی پەروەردەیە. لەکاتێکدا کەئەمرۆ بوار هەیە بۆ ناردنە دەرەوەی چەندین کەس بۆ دەرەوە یا بانکهێشتکردنی چەندین کەسانی پسپۆر بۆ کوردستان بەڵام توێژەرەکان پێیان وایە ئەوان لەم بوارەدا غەدریان لێکراوەو بەم هۆیەشەوە ناتوانن کارەکەیان بەشێوەیەکی تەندروست ئەنجام بدەن .

faiekk@hotmail.com